# موقاومه چیه ئازاکانی عێراق و ئیرهابیه ترسنۆکه کانی ئوردون



ئه رده لآن عه بدولڵلا
Ardellen 1@ web.de

دوێنی شه و ته قینه وه یه ک عه مانی پێته ختی ئوردونی هاشمی هه ژاند. ئه م ته قینه وه یه رێکخراوی قاعیده لقی ئوردون ئه نجامی دابوو. هه ر پاش ئه م ته قینه وه یه ، هه موو میدیا عه ره بیه کان که وتنه هه ڵمه تێکی گه وره ی ئیعلامی و سه ده یا پسپۆر و مه لاو سیاسی و نووسه رو ئه دیب یان هانی . هه ر هه موویان دژی ئه م کاره بوون و به کارێکی ( ئیرهابی! ، عمل جبان ! ، غیر ئیسلامی)یان دانا . ئه وانه شی ئه م کاره یان کردبوو به ( خائین! ، مجرم !، کافر!، عدیم ضمیر! ) ناوبردن . ئه م گۆڕانه سه دوهه شتا ده رجه یه له میدیای عه ره بی ، ته نها له و کاتانه دا ده یبینین که کاتێک کارێکی تیرۆرستی وولآتی خۆیان بگرێته وه . لێ کاتێک که چه ته ئیسلامیه کانی قاعیده ، منداڵ و خه ڵکی سیڤیلی شیعه و کورد ده کوژێت،به مقاومه ی شه ریفی! داده نێن. کاتێک له شه رم شێخی میسر ، ته قینه وه یه ک رووی دا ، هه موو رۆشنبیرو نووسه رو هونه رمه ندو مه لاکانی ئه زهه ر ، دژی ئه م کاره وه ستانه وه و به کارێکی نائیسلامی و نامرۆڤیان دانا. هه موو ئه م کارانه یان به کارێکی نانیشتمانی که ئابووری وولآت وێران ده کات و نانی خه ڵکی ده برێت و بێکاری زیاد ده کات له قه ڵه م دا . که چی که بیره نه وت و پالاوگه کانی عیراق ده ته قێنه وه،به کارێکی(شجاع!) ی له قه ڵه م ده ده ن.هه ر پاش ته قینه وه که ی شه رم شێخ،حوسنی موباره ک داوای کۆبونه وه ی نائاسایی کۆمکاری عه ره بی کرد .ووتی : ( ده بێت بیسه لمێنین که شه رم شێخ شاری ئاشتی و ئه مانه!) . شه رم شێخ یه کێکه له شوێنه گرنگه کانی توریستی میسر و زۆرترین مه لهای! شه وانیشی تێدایه ، که چی مه لاکانی ئه زهه ر به م شاره یان ده ووت(مدینة السلام!). له پاش ته قینه وه کانی عه مانیش، سه رۆکه عه ره بیه کان ده ستیان به بروسکه ناردن و ئیدانه کردنی ئه م کاره کرد . مامه ی خۆشمان له رۆمای پێته ختی مه سیحه وه ،بروسکه ی ناره زایی بۆ شای ئوردون نارد . لێ کاتێک که رووداوی پرده که روویدا،شای ئوردون وسه رۆکه عه ره بیه کان ویژدانیان له سه فه ردا بوو! . کاتێک که چه ته یه کی ئورودونی له عیراق خۆی ده ته قێنێته وه ، رۆژنامه و گۆڤاره کانی ئوردون ، به ( بطل) ی ناوده به ن ، به لآم ئه وانه ی دوێنێ به ئیرهابی ناویان ده بردن .

زه رقاوی که رابه ری بزووتنه وه که یه،له عێراق به سه رکرده ی مقاومه باسی ده که ن،که چی له ئوردون شتێک بکات،به خائین و پیاوی ئیسرائیلی داده نێن.سامی حدای شه ریره( جه زیره ) که خه ڵکی ئوردونه و دڵسۆزێکی سه دام و به عسه ، سه ده یا ن جار به پیاوکوژه کانی قاعیده ده ڵێت موقاومه ، به لآم ئه م جاره یان پێیان ده ڵێت (ئیرهابی!) . عامرمووسا یه کسه ر به یاننه مه یه کی ده رکرد و دژی ئه م کاره تیرۆریستیه وه ستایه وه ، لێ ئه م پیاوه باشه ده یه وێت کۆبونه وه یه ک ببه ستێت ، که پیاوکوژه کانی به عس و قاعیده ش تێیدا به شداربن . ئاخر ئه م ئه وه ی له عێراقدا روو ده دات ، به مقاومه ی! داده نێت نه ک به ئیرهاب ! .

ئه مه ریکا که باوکی رۆحی قاعیده یه ، هه رچی پیاوکوژی عه ره ب وئیسلام هه بوو،به ری دایه رووسیای سۆڤێتی . سه یر له وه یه ئه وه ی کاری ئه م کۆکردنه وه ی بۆ ئه مه ریکا ئه نجام دا، ( عه بدولڵا قسامی )فه له ستینی بوو!.ئه مه ریکا ئه م به ربه ریانه ی به(شۆرشگێر!) ناوده برد و به هه موو شێوه یه ک پشتگیری ده کردن .که چی کاتێک که ئه م شۆرشگێرانه ! به لای راستدا وه رگه ران و ئاگری جیهادیان له نیۆرک و واشنتۆن کرده وه ، یه کسه ر ئه م شۆرشگێرانه بوون به ( تۆب تیرۆریست !) . بۆشیش غه زای له دژی ئه م کافرانه هه ڵگیرساند . ئه وه شی یارمه تی ئه مه ریکا نه دات سزاده درێت وماڵی وێران ده کرێت . یه کسه ر دونیا گۆڕا و هه موو ئیسلامێکیش لای رۆژئاوا بوو به پیاوکوژ و تیرۆریست .

ئاخر چ ئه مه ریکاو چ جیهانی عه ره بی نازانن ، ئه وه ی دڕک بچێنێت ،دڕکیش ده دوورێته وه . ئه وه ی ئه مان کردیان یاریکردن بووبه ئاگر،ئاگریش هه رشتێکی به ر بکه وێت ده یسووتێنێت . ئه وه ی جێگای داخه ، هه موو کات خه ڵکی سیڤیل ده بێته قووربانی ئه م کاره نه گریسانه . لێ له هه مووی ناخۆشتر ، بریندار بوونی ده رهێنه ری گه وره ی میسری ( مسته فا عه قاد ) وشه هید بوونی کچه که ی . ئه م پیاوه مه زنه که ده رهێنه ری هه ردوو فلیمی (الرسالة و عمر موختار) . فلیمی الرسالة که باشترین فلیمی ئیسلامیه ، که به شێوه یه کی زۆر جوان مێژووی موحه مه د باس ده کات و به یه کێک له فلیمه باشه کانی میسر ده ژمێرێت.ئه م پیاوه مه زنه له هه زران مه لای ریشپانی چڵکنی ئیسلامی، خزمه تی زیاتری به ئیسلام کردووه. لێ به داخه وه به ده ستی ئیسلام خۆی بریندار بوو و کچه که شی کوژرا .هیوادارم که ئه مه ریکا چیتر یارمه تی ئه م بزاڤه به ربه ریانه نه دات و گه لی عه ره بیش تۆزێک بیربکه نه وه و له م بیره نه گریسه ی ئیسلامی سیاسی خۆیان و ئێمه ش ڕزگار بکه ن .

ئه ڵمانیا / مانهایم